# دەروازەیەک بۆ تێگەشتن لە پارادایمەکانی توێژینەوە

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە)

**پ.ی.د. عالیە فرج مستەفا**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

alia.mustafa@univsul.edu.iq

**م. ی. ئارام تۆفیق حمەسعید**

خوێندکاری دکتۆرا، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

aram.hamasaiid@univsul.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٣/٨/٢٨ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٣/١٠/١

**پوختە**

کەمی ئەدەبیات لە زمانی کوردیدا لەسەر پارادایمەکانی توێژینەوە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ توێژەرانی تازە ئاڵۆزی دروست دەکات، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات باس لە هەندێک لە پرسە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بکات بە ئامانجی پێشـــکەشـــکردنی خســـتنەڕوویەکی ڕوون بۆ توێژەران لەم بوارەدا. ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێشـــکەشـــکردنی کورتەیەک لە پارادایمە جیاوازەکانی توێژینەوە. بەدواداچوون بۆ بنەما فەلســەفییەکانی ســێ پارادایمی ســەرەکی دەکات: پۆزیتیڤیزم، شــیکارگەرایی، و تیۆری ڕەخنەیی. توێژینەوەکە بە شـێوەیەکی پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتدا دەکات لەســەر پارادایمەکانی توێژینەوە، جیاوازیبیەکانی نێوان پارادایمەکانی شیکارگەرایی، پۆزیتیڤیستی و ڕەخنەیی دیاری دەکات و هەڵوێستە بوونناسی و مەعریفەناسیەکانیان ڕوون دەکاتەوە. هەروەها بە وردی میتۆدۆلۆژیا و میتۆد و شێوازە جیاوازەکانی توێژینەوە پێناسە دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە. جەخت لەوە دەکـاتەوە کە پێویســـتە لە هەڵبژاردنی پـارادایمی توێژینەوەکەمـانـدا ئـاگـادار بین و توێژینەوەکـانمـان بە پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان ســـروشـــتی پارادایمی و چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەدا دابڕێژین. بڕیاری هەڵبژاردنی تێڕوانینێکی فەلســەفی بۆ توێژینەوەی دیـاردەیەک، گرنگە کە لەســـەر بنەمـای داواکـاری و پێـداویســـتییەکـانی توێژینەوەیەک ڕێنمـایی بکرێـت نەک پێـداگری تونـد لە پـابەنـدبوون بە تێڕوانینێکی فەلســەفی دیـاریکراو و دوورخســـتنەوەی ئەوانی دیکە.گرنگە کە توێژەران شـــێوازێکی گونجاو لە هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوە یان تێکەڵکردنی میتۆدەکاندا بگرنەبەر، بەڵام هەڵبژاردنی هەر میتۆدێکی توێژینەوە نابێت وەک نیشـــانەری پێگەیەکی

بوونناسی یان مەعریفەناسی لێكبدرێتەوە، بەو مانایەی كە هەڵبژاردنی پارادایمی توێژینەوە لە پێشنەی هەڵبژاردنی میتۆدەكانی توێژینەوەیە.

وشە كلیلەكان: پارادایمی توێژینەوە، پۆزیتیڤیزم، شیكارگەرایی، ڕەخنەیی، بوونناسی، مەعریفەناسی، میتۆدناسی

**Abstract**

The lack of literature in Kurdish language on research paradigms in the field of social sciences creates complications for new researchers. This paper attempts to discuss some of the basic issues of social science research in order to provide a clear presentation for researchers in this field. The purpose of this paper is to provide a brief overview of the different research paradigms. Examines the philosophical underpinnings of three major paradigms: positivism, Interpretivism, and critical theory. The paper reviews the literature on research paradigms, identifies differences between the mentioned paradigms, and explains their ontological and epistemological positions. It also carefully defines and explores different research methodologies and methods. It emphasizes that we need to be careful in our choice of research paradigm and to design our research with a clear connection between the nature of the paradigm and the theoretical framework of research. The decision to choose a philosophical perspective for the study of a phenomenon is important to be guided by the demands and needs of a study rather than a rigid insistence on adhering to a particular philosophical perspective to the exclusion of others. It is important that researchers adopt an appropriate approach to the choice of research methods or combination of methods, but the choice of any research method should not be interpreted as indicative of an ontological or epistemological position, in the sense that the choice of research paradigm takes precedence.

## ١. پێشەكی

بە شێوەیەكی گشتی، سەرچاوەكانی مەعریفەی مرۆیی بریتین لەو زانینانەی كە لەسەر بنەمای پەیپێبردن (هەستەكان)، چەمك (عەقڵ)، مەزەندەكردن و توێژینەوە دامەزراوە. هەریەكێك لەمانە لە بنەڕەتدا سنووردار و ناتەواون بە شێوازی جیاواز. مەعریفەی زانستی كە بەرهەمی توێژینەوەی زانستیە، لە هەموو جۆرەكانی تر جێگای متمانەیە، چونكە لەسەر بنەمای بەڵگە و تاقیكردنەوە بەرهەمهاتوون. لێرەوە، توێژینەوە بریتییە لە "لێكۆڵینەوەیەكی سیستماتیكی، ڕەخنەگرانە و خۆڕەخنەگرانە كە ئامانجی بەشداریكردنە لە پێشخستنی مەعریفەدا (Blaikie and Priest , 2017) لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفەدا لە توێژینەوەدا گرنگە كە توێژەر ئاگای كە ئەدەبیاتی تیۆری بابەتی توێژینەوەكە بێت، هەروەها دیدگای تیۆری بە ڕوونی و دروستی بخاتەڕوو، پاشان بابەتی توێژینەوەكە گرنگ و مەبەستدار بێت. هەروەها لە هەڵبژاردنی میتۆد و ئامرازەكانی كۆكردنەوەی داتادا دروست و هۆشیار بێت. لە هەمووی گرنگتر، دەرئەنجامەكانی لەسەر بنەمای شیكاری دروست و بەڵگەی پێویستەوە بێت.

گرنگتر لەو توانایانەی سەرەوە، توێژەر پێویستە بتوانێت تێگەشتن و بیروباوەڕی سەبارەت بە سروشتی واقیع " ڕاستی" بخاتەڕوو، و چی لەبارەیەوە دەتوانرێت بزانرێت و چۆن دەگەین بەو مەعریفەیە. ئەمانە ڕەگەزەكانی

پارادایمی توێژینەوەن، بۆخۆی پارادایم بریتییە لە سیستەمێکی بیروباوەڕی بنەڕەتی و چوارچێوەی تیۆریی کە گریمانەکانی سەبارەت بە هەریەکە لە بوونناسی و مەعریفەناسی و میتۆدناسی و میتۆدەکان هەیە. بەمانایەکی تر، پارادایم بریتیە لە ڕێگای تێڕوانین و تێگەشتن لە واقیعی جیهان و توێژینەوەکردنی. (Kuhn , 1962, p.22)

توێژەر، بەتایبەتی توێژەرانی نوێ، تووشی سەرلێشێوان و وونبوون دەکەن بەهۆی جیاوازی زۆری بیروڕاو و هزرەکانی سەبارەت بە میتۆدە تێکەڵەکان، پارادایمی نوێ، و چوارچێوە تیۆرییەکان، کە ناچاریان دەکات کە فەرامۆشی یان قوڵبوونەوەی زیاد بکەن لە بنەما فەلسەفیەکانی چوارچێوە تیۆرییە پەیوەندیدارەکان. کە لە هەردوو بارەکەدا کاریگەری لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفە زانستیەکە دەبێت.

٢. بابەتی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا کورتەیەک لە سەر توێژینەوە بە گشتی و لە زانستی کۆمەڵنا سیدا بەتایبەت باس دەکرێت، و بە کورتی لە بارەی پارادایمی توێژینەوەوە ڕوونکردنەوە دەدرێت، پاشان سێ گرنگترین پارادایمە کانی توێژینەوە دەخرێنەڕوو لەژێر تیشکی هەریەکە لە بوونناسی، مەعریفەناسی و میتۆدناسی و میتۆدا.

توێژەرانی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان لە هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی پشت بە پێگە بوونناسی ومەعریفەناسیەکان دەبەستن. لەسەر ئەو بنەمایەوە میتۆدۆلۆژیای تایبەت بە توێژینەوەکانیان هەڵدەبژێرن. ئەم پرۆسەیە هەموو کات و لای هەموو توێژەرێک بەم دروستیە پەیڕەوناکرێت. توێژەران یان ئاگاداری پارادایمە کانی توێژینەوە نین، یان لەسەر جۆرێک لە کلتوری ئەنجامدانی توێژینەوەوە میتۆدەکان هەڵدەبژێرن. بە تایبەتی هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتی باون لە توێژینەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، لە عێراق و کوردستان بە تایبەتی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی توێژەران بە پرۆسەی هەڵبژاردنی میتۆدۆلۆژی توێژینەوە لە ڕێگای ناساندنی پارادایمە سەرەکیەکانی توێژینەوەوە.

٣. گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە سەرنج ڕادەکێشیت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پارادایمەکانی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا. بابەتێک کە کەمتر لە ئەدەبیاتی و دونیای ئەکادیمی کوردیدا دەبینرێت. بە تایبەتی بەشێوەیەکی ڕوون و سادە و ئاسان بۆ تێگەشتن، لەگەڵ ئەوەی کە بنەما گرنگەکانی پارادایمە جیاوازەکان و ڕەخنەکانیان دەخرێنەڕوو. بۆ توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی زانستی کۆمەڵناسی گرنگی دەبێت.

٤. ئامانجی توێژینەوە:

١. ئەم توێژینەوەیە، بە پلەی یەکەم بۆ ئاشناکردنی توێژەرانی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکانە بە گشتی، وە بە توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی بە تایبەتی بە پارادایمەکانی توێژینەوە.

٢. هەوڵدەدات باس لە هەندێک لە پرسە بنەڕەتییە کانی ناو توێژینەوەکە بکات وەک هەڵبژاردنی میتۆد و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا بە ئامانجی پێشکەشکردنی دەرخستەیەکی ڕوون بۆ توێژەرانی تازە.

٣. بە شـــێوەیەکی ڕەخنەگرانە پێـداچوونەوە بە ئەدەبیـاتـدا دەکـات لەســەر پـارادایمەکـانی توێژینەوە، جیاوازییەکانی نێوان پارادایمەکانی شیکارگەرایی، پۆزیتیڤیستی و ڕەخنەیی دیاری دەکات و هەڵوێستە بوونناسی و مەعریفەناسی و میتۆدناسیەکانیان ڕوون دەکاتەوە.

٥. میتۆدی توێژینەوە:

ئاشـــکرایە بە زانســـتی بوونی هەر توێژینەوەیەکی زانســـتی چۆنیەتی بەکارهێنانی میتۆدە زانســـتیەکەیەتی کە ڕێڕەویی کاری زانســـتی بۆ توێژەر فەراهەم دەکات لە چۆنیەتی ئەنجام هەنگاوەکانی توێژینەوە، بە تایبەتی میتۆدی توێژینەوە کە لە پاش دیارکردنی ناونیشـــانی توێژینەوە کە گرنگترین هەنگاوە بۆ بونیادی توێژینەوەکە و کارکردن لەســـەر کێشـــە و ئامانجی توێژینەوەکە،، لەم توێژینەوەیە میتۆدی شـــیکاری بەکارهاتووە وەک یەکێک لە میتۆدە کاریگەرەکانی توێژینەوەی زانستی، بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوەی هەموو ئەو تیۆرەکۆمەڵایەتیە زانستیانەی جێگر بووە وەک ســەرچاوەی زانســـتی بەکاردەهێنرێت. (Hsieh&Shannon,2011:1278) ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوە ی پارادایمیەکانی توێژینەوە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، بە دیدێکی ڕەخنەییەوە.

ســـنووری بابەتی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدۆلۆجی، بە تایبەتی خســـتنەڕووی پارادایمەکانی توێژینەوە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، لەم توێژینەوەدا زیاتر تیشـــکخراوەتە ســـەر ســـێ بەکارهێنراوترین پارادایمەکانی توێژینەوە.

٦. ناساندنی چەمکی پارادایم:

زاراوەی (پارادایم[1]) دەتوانرێت بە (مۆدێلی فیکری) یان مۆدێلی هەستەکی وەربگێڕدرێت و ئەم وشەیە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە لە زمانی ئینگلیزیدا بە چەمکێکی نوێوە دەرکەوتووە بۆ ئاماژەدان بە هەر شێوازێکی بیرکردنەوە لە چوارچێوەی هەر شـــێوازێکی زانســـتیدا دیســـیپلین یان بابەتێکی پەیوەســـت بە تیۆری زانین یان مەعریفەناســی. وشــەکە لە ســەرەتادا ســنووردار بوو بە ڕێزمان، بەو پێیەی فەرهەنگی مێریام-وێبســتەر وشــەکەی لە ڕووی بەکارهێنانی تایبەتمەندییەوە لە ڕێزمان یان نووســینی پێکهاتەدا وەک تەشــبیهکردن یان حیکایەتێک پێناســە کردووە. هەروەها لە زمانەوانیدا فێردیناند دی ساوسۆر[2] وشەی پارادایمی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بە کۆمەڵێک توخم کە لایەنی هاوشێوەیان هەیە. ( محمدپور، ٢٠١٣، ل ٤١)

تۆماس کۆن Tomas Kuhn لە ســاڵی ١٩٦٢ دا چەمکی " پارادایم " Paradigm ی ناســاند بۆ نێو گووتار " مژار " ی فەلسەفی، زانستی و ڕۆژانەوە. هەروەها هاتەناو گووتاری کۆمەڵناسیەوە لە ساڵەکانی ١٩٧٠کاندا و گفتوگۆ سەبارەت بە سوودە ڕێژەییەکانی پارەدایمەکان بەردەوام بوو بۆ چەندین دەیە.

کۆن، باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگای زانستی پارادایمێک یان " چوارچێوەیەکی دیسـیپلین" هاوبەشـی دەکەن، کە پێکدێت لە تێڕوانین بۆ سروشتی ڕاستی " گریمانە بوونناسیەکان"، چەمکەکان، تیۆرییەکان، تەکنیکەکانی لێتوێژینەوە

1 Paradigm
2 Ferdinand de Saussure

کە وەک میتۆد " ڕێباز" دادەنرێن " گریمانە مەعریفەناسیەکان"، هەروەها نموونەی دەستکەوتە زانسیتەکانی پێشووتر کە مۆدێلەکانی پراکتیزەکردنی زانستی بەردەست دەخات. بەکارهێنانی ئێمە بۆ پارادایم پەیوەستە بە ڕوانگەی کۆنەوە. (Blaikie and Priest, 2017, P. 25)

لە کتێبی " پێکهاتەی شۆڕشە زانستەیەکان" دا کە تۆماس کۆن کە لە ساڵی ١٩٦٢ دا نوسیوویەتی، کە تێیدا چەمکی پارادایمی توێژینەوە دەخاتەڕوو هەروەها باس کە هەوڵەکانی خوڵقاندنی مەعریفەی نوێ باس دەکات. لای کۆن، پارادایم برتییە لە " گرووپێکی تەواوکار لە چەمکە بنەڕەتیەکان، گۆڕاوەکان و کێشەکانی پەیوەست بە ڕێباز میتۆدۆلۆژیی و ئامرازە هاوتاکانەوە" ( محمدپور، ٢٠١٣، ل ٤٤)

هەرچەندە پێناسەکردن و لە چوارچێوەکردن و چەمکسازی پارادایم ئاڵۆزە و کۆن خۆشی ئاماژەی پێکردووە. نیومەن و مۆرگان (Neuman, 2014) و( Morgan 2014) لەسەر ئەو باوەڕەن کە چەمکی پارادایم لە زانستەکۆمەڵایەتیەکاندا لە چوار ماناداا بەکارهاتووە کە بریتین لە: پارادایم وەک جیهانبینی، پارادایم بە واتای هەڵوێستی مەعریفەناسی، پارادایم وەک بیروبڕوا هاوبەشەکان لە یەک لایەنی توێژینەوەدا، پارادایم وەک مۆدێلە نموونەییەکان. پارادایم بەواتای جیهانبینی بەربڵاوترین پێناسە کە بڕوا، ئاکار، بەها، میتۆد و زۆر شتی دیکەش لەخۆ دەگرێت. تەنانەت وەک سیستەمێکی بنەڕەتی یان جیهانبینی کە توێژەر ڕێنمایی دەکات، نەک تەنها لە هەڵبژاردنی میتۆددا بەڵکو لە ڕووی بوونناسی و مەعریفەناسی بنەڕەتییەوە.

٧. جۆرەکانی پارادایمی توێژینەوە:

لەم بەشەدا هەریەکە لە پارادایمەکانی پۆزیتیڤیزم، شیکارگەرایی و ڕەخنەیی دەخرێنەڕوو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی هەر یەکە لە پێگە بوونناسی و مەعریفەناسی و میتۆدناسیەکانیان، ڕەخنە و لاوازییەکانی ئەم پارادایمانە لە دروستکردنی مەعریفەی زانستیدا لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا دەخرێنەڕوو.

لەگەڵ ئەوەی لە توێژینەوەی زانستیدا، چەندین جۆر پاردایم هەیە وەک " پۆزیتیڤیزم، بوونیادگەرایی، واقعی ڕەخنەیی، فیمینیستی، پراگماتی، نیو پۆزیتیڤیزم، چەندین جۆری تر، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا تەنها سێ سەرەکیترین، یان بەکارهێنراوترین جۆرایان دەخەینەڕوو. لە توێژینەوەکاندا، بە پێی هێڵە میژوویەکەی، لە پارادایمی پۆزیتیڤیزم دەست پێدەکات پاشان شیکارگەرایی و ڕەخنەیی.

خشتەی (١) جیاوازییەکانی نێوان پارادایمە سەرەکیەکان دەخاتەڕوو

| سەردێڕ | پۆزیتیڤیزم | تیۆری ڕەخنەیی | بوونیادگەری |
|---|---|---|---|
| بوونناسی | ڕاستیخوازی ڕووکەش | ڕاستیخوازی مێژوویی، ڕاستی مەجازی لە لایەن بەها کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ڕەگەزییەکان پێکهاتووە | ڕێژەگەری دۆخی، ڕاستەیکان دەستکردنی مرۆڤەکانن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەعریفەناسی | دوالیزم خواز، بابەتیانە، دەستکەوتەکان ڕاستەقینەن | گۆڕینەوەیی زەینی خواز، دەستکەوتەکانی بەها ناوەند | گۆڕینەوەیی زەینی خواز، دەستکەوتە کان پێکهێنراون. |
| میتۆدناسی | تاقیکاری، دەستێوەردراو، سەلماندنی گریمانە، بەگشتی میتۆدە چەندایەتیەکان | وتووێژیی، جەدەلی | هێرمینۆتیک، جەدەلی |

(محمدپور، ۲۰۱۳، ل ۵۰)

١،٧: پارادایمی پۆزیتیڤیزم[٣]:

پۆزیتیڤیزم وەک زاراوەیەکی چەتر بۆ کۆمەڵێک بیرۆکە یان دیدگای فەلسەفی ناودەبرێت کە هەڵوێستەکانی وەک ئەزموونگەرایی، ڕەفتارگەرایی و سروشتگەرایی و هتد لەخۆدەگرن. بە کورتی، پۆزیتیڤیزم هەر ڕێبازێک لەخۆدەگرێت کە میتۆدی زانستی بۆ ڕەفتاری مرۆیی بەکاربهێنێت. پۆزیتیڤیزم ئاماژەیە بۆ "توێژینەوەی زانستی" و لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە بەڵگەدارانەیە کە ئەرستۆ و ئۆگست کۆنت دەستیانپێکردووە. لە سەدەی ڕابردوودا، پۆزیتیڤیزم زاڵترین پارادایمی توێژینەوە بووە.

ئەم پارادایمە نوێنەرایەتی فەلسەفەیەک دەکات کە کە دەرئەنجامەکان بە هۆکارەکان دیاری دەکرێن. بە ئیلهام وەرگرتن لە وتە بەناوبانگەکەی دیکارت، 'cogito ergo sum'، 'من بیردەکەمەوە، بۆیە من هەم، کە کۆی چەمکی 'دوانەیزم'ی عەقڵ و ماددە وەک بوونێکی جیاواز کۆکردەوە.(Creswell, 2003)

زانا پێشەنگەکانی کۆمەڵناسی ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە پۆزیتیڤیزم دەتوانرێت لە توێژینەوەی جیهانی کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنرێت و دەتوانرێت بە هەمان شێوەی جیهانی سروشتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. پۆزیتیڤیستەکان ئامانجیان تاقیکردنەوەی تیۆرێک یان وەسفکردنی ئەزموونێکە لە ڕێگەی تێبینیکردن و پێوانەکردنەوە بۆ ئەوەی پێشبینی و کۆنترۆڵکردنی ئەوەی کە دەورەمان دەدات. ئەم پارادایمە هەموو ئەو تیۆریانە لە خۆدەگرێت کە " ڕاستی " وەک شتێکی سەربەخۆ لە تێبینیکەر یان توێژەر دەبینن، هەموو ئەوانەش لە خۆی وەدەردەبێت کە تاقیکردنەوەیی نین. توێژەرانی پۆزەتیڤیست وا گریمانە دەکەن کە جیهان جێگیر و ڕێکخراوە و کاری ئەوان پێوانەکردنی داتا و پرۆسێسکردنی زانیارییەکان و پێشنیازکردنی گونجاوترین چارەسەرە بۆ کێشە دەستنیشانکراوەکان. هەروەها پێیان وایە بۆ هەر کێشەیەک تەنها یەک چارە سەری گشتگیر و گەردوونی و باشترین چارەسەر هەیە.(Cohen et al. 2007)

پۆزیتیڤیزم هێزی خۆی لە بەرهەمەکانی چەندین فەیلەسوفی فەرەنسی سەردەمی ڕۆشنگەری وەکو (ئۆگست کۆنت، کۆندۆرسێت و سانت سیمۆن) و فەیلەسوفەکانی "بازنەی ڤیەنا"وە بەدەست دەهێنێت. لە نێوانیاندا

3 Positivism



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دیارترینیان ئۆگست کۆنتە، بەدڵنیاییەوە زاراوەی 'پۆزیتیڤیزم'ی داهێناوە؛ لە ڕاستیدا هەر ئەو ئەم زاراوەیەی ناساند و ناوبانگی پێدا. (Crotty, 2003)

دیارترین کۆمەڵناسی کلاسیک کە دەستەواژەی پۆزەتیڤیستی بۆ بەکاردەهێنرێت ئەمیل دۆرکهاییمە. دۆرکهایم بەپێشەنگی بەکارهێنانی ئەو پارادایم و میتۆدە دادەنرێت کە بە پۆزیتیڤیزم ناسراوە. بۆ نموومە لە توێژینەوەی خۆکوژیدا میتۆدی ئەزموونی- ڕووپێوی – بەراووردکاری بەکارهێنا، بەشێوەی ئەزموونی و تێبینی داتا و بەڵگەکانی کۆکردەوە و بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی دۆزییەوە. (محمد،م.ح. و محمد، ع.،2017)

تۆماس کۆن لە کتێبە بەناوبانگەکەی دا " بوونیادی شۆڕشی زانستیەکان[4]" لە ساڵی ١٩٦٢ دا، ئاماژە بەوە دەکات کە پۆزیتیڤیستەکان پێیان وایە کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی لە جیهانی کۆمەڵایەتی بکۆڵرێتەوە و ڕوون بکرێتەوە، و تە نانەت ئەگەر فاکتەری هزری وەک ( ما نا، بیرو باوەڕ، ئایدۆلۆژیا، کولتوور، هزر...) هەبێت هێشتا دەتوانرێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا بگێڕن. ئەوان توێژینەوە وەک سیستماتیک و کۆنترۆڵکراو و ئەزموونی سەیر دەکەن کە لە داهاتوودا دەکرێت بکەوێتە ژێر پێداچوونەوە و ئاڵنگارییەکانی هەر تیۆرێکی چالاک یان تێگەیشتنێکی نوێ (Kuhn, 1962 ). هەر لەبەرئەوەیە کە توێژینەوەکان لەم پارادایمەدا لە زانستە سروشتیەکاندا تەواو بەرهەمدار بوون چونکە کاتێک سەرکەوتوو دەبێت لە ئەنجامدا یا سای دووبارەبووەوە و بابەتیی لێدەکەوێتەوە کە دەتوانێت ببێتە هۆی گشتاندن. خاڵە بەهێزەکانی پۆزیتیڤیزم بریتین لە ڕوونی و وردبینی و شێلگیری و ستانداردکردن و توانای گشتاندن.

بەڵام، هەندێک لاوازی هەیە. لە گرنگترین ئەوەیە کە پێدەچێت پرۆسەی پێوانەکردنەکە کە لەلایەن هەندێک لە توێژەرانی پۆزیتیڤیستییەوە پەرەی پێدراوە، دە ستکرد و هەڵە بێت نەک ڕا ستەقینە. جگە لەوەش شکست دەهێنێت لە جیاکردنەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سروشتی زانستەکان، هەر لەبەرئەوەیە وەک "شت "ێکی سروشتی مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان دەکات و ئینکاری تایبەتمەندی و تاکگەرایی مرۆڤ دەکات (Bryman, 2008).

١,١,٧: بوونناسی[5]:

بوونناسی یان ئۆنتۆلۆژی ئاماژەیە بۆ "سروشتی بیروباوەڕەکانمان سەبارەت بە ڕاستی "واقیع"، توێژەران گریمانەیان (هەندێکجار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ) هەیە سەبارەت بە واقیع، چۆن بوونی هەیە و چی دەتوانرێت دەربارەی بزانرێت؟ ئەوە ئەو پر سیارە بوونیا سییە کە توێژەرێک دەبات بەرەو لێکۆڵینەوە لە جۆری ڕا ستی هەبوو: ئایا "واقیع و ڕاستییەکی تاقانە و پشتڕاستکراوە یان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و بونیاد نراوە و فرەڕاستییە.( Patton, 2002, p. 134)

بوونناسی پۆزیتیڤیزمی برتییە لە یەک ڕاستێتی " ڕاستی تاقانە" کە وەک " شتێک" وایە لە بۆشاییەکی فیزیکیدا. کە ڕا ستی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە لە دەرەوەی تێبینیکار و توێژەرانەوە، وە بوونیا سییەکی واقعییە " ڕیالیزم" کە لە

---

4 The structure of scientific revolutions
5 Ontology

ڕێگای هەستەکانمانەوە بەدەستدەخرێن. لە ڕێگای میتۆدی زانیستیەوە بە بێ دەستوەردانی توێژەر بە شێوەی بابەتیانە و پێوانەکردنەوە دەگەن بە ڕاستی، هەروەک مەعریفەی زانستەسروشتیەکان، زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش دەتوانن لێکۆڵینەوەی مرۆڤ بکەن. (Grix 2004: 81)

٢,١,٧: مەعریفەناسی[٦]:

مەعریفەناسی (ئیپستمۆلۆژیی) لە هەریەکە لە تیۆری زانین و تیۆری فێربوون پێکهاتووە، گریمانە ئیپیستمۆلۆژییەکان کۆمەڵەی دووەمی گریمانەکان پێکدەهێنن، و پەیوەندییان بە " بنەمای سەرەکی مەعریفەوە هەیە، سروشت و فۆرمەکانی، چۆن دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت و چۆن دەتوانرێت بگەیەنرێتە مرۆڤەکان. ( Cohen et al., 2007: p. 7)

پرسیارە مەعریفەناسیەکان توێژەر بۆ مشتومڕ لەسەر "ئەگەری بەدەستهێنان و خواستراوی بابەتییبوون[٧]، خودییبوون، هۆکارگەرایی، چەسپاندن و گشتاندن. (Patton, 2002, p.134). هەروەها پابەندبوون بە سیستەمێکی بیروباوەڕی بووناسیەوە (بە ڕوونی یان ناڕوون)ی توێژەران ئاڕاستەی هەندێک گریمانەی مەعریفەناسی دەکات.

ئیپیستمۆلۆژیای پۆزیتیڤیزم بابەتگەرایی و دووانەییە . شتەکان بە شێوەیەکی میکانیکی وەڵامی ژینگەکەیان دەدەنەوە و بوونێکی ناسەرەوەیان هەیە، سەربەخۆ لە زانا[٨] یان پرسیارکەر. پۆزیتیڤیستەکان پێیان وایە ئەزموونی مرۆڤ لە جیهانی کۆمەڵایەتی بابەتی و ڕەنگدانەوەی واقیعێکی سەربەخۆیە، کە بناغەی مەعریفەی مرۆڤ دابین دەکات. هەروەها ڕۆڵی توێژەر تەنها تێبینیکردنە، بەبێ هیچ دەستوەردانێک لە ڕێکاری توێژینەوەکەدا ( Cohen et al., 2007)

٣,١,٧: میتۆدۆلۆژی:

میتۆدۆلۆژیا بریتیە لە ڕێبازێکی وورد و چڕوپڕ و وەرگیراو لە تیۆرەوە بۆ وەبەرهێنانی داتا . ئاماژەیە بە لێکۆڵینەوە و شیکاری ڕەخنەگرانە لە تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی داتا. بریتیە لە ستراتیژی، پلانی کردار، پرۆسە یان دیزاینەی کە هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوە لەلایەن توێژەوە دیاریدەکات.

ڕێنمایی توێژەر دەکات لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چ جۆرە داتایەک پێویستە بۆ توێژینەوە و کام ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری گونجاوترینە بۆ توێژینەوەکەی. ئەوە پرسیاری میتۆدۆلۆژییە کە توێژەر والێدەکات کە بپرسێت کە چۆن دەبێت لە جیهان بکۆڵرێتەوە. (Grix, 2004, p. 32)

ئاماژەیە بۆ بنەما گشتییەکان کە جەخت لەوە دەکەنەوە کە چۆن لێکۆڵینەوە لە جیهانی کۆمەڵایەتی دەکەین و چۆن دەستنیشانی دەکەین کە ئەو زانیارییەی کە وەبەرهەمدێت ڕەوایە. میتۆدناسی پەیوەستە بە گریمانە بووناسی و مەعریفەناسیەکانی سەبارەت بە سروشتی واقیع و باشترین ڕێگاکانی دەستڕاگەیشتن بەو واقیعە. چەندین جیاوازی

6 Epistemology
7 Objectivity
8 Knower

هەیە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و ڕێکار و تەکنیکەکانی میتۆدناسی. ئەم جیاوازیانە کاریگەرییان لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی هەر ڕێبازێک هەیە لەگەڵ داتا و ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (Cohen et al., 2007)

بەڵام بەجیا لە میتۆدۆلۆژی، میتۆد ئامرازی دیاریکراون بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان. چ شێوازێک بۆ پرۆژەیەکی توێژینەوە بەکاربهێنرێت، بەندە بە دیزاینی ئەو توێژینەوەیە و بیرکردنەوەی تیۆری توێژەرەوە. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە بەکارهێنانی شێوازە تایبەتەکان گریمانە ئۆنتۆلۆژی و ئیپیستمۆلۆژییەکانی بەدوای خۆیدا ناهێنێت. بەڵکو بە پێچەوانەوەیە.

سەرەکیترین شێوازی لیکۆڵینەوە بۆ توێژینەوەی پۆزیتیڤیستی بریتیە لە تاقیکاری ئەزموونگەری[9]، کە پرسیارەکان یان گریمانە پێشنیار کراوەکان لە ژێر بارودۆخێکی وردی کۆنترۆڵکراودا دەخرێنە ژێر تاقیکردنەوەی ئەزموونییەوە.

توێژینەوە لە پارایمی پۆزیتیڤیستدا بە شێوەیەکی گشتی پەیوە ستە بەمیتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتیەوە، کە ئەوانیش بەگشتی دەکرێنە دووبەشی سەرەکیەوە؛ ئەزموونگەریی ( پەیوەندی نێوان هۆکار و کاریگەری) و نا ئەزموونگەریی. لە میتۆدی ئەزموونگەریدا، توێژەر مەبەستیەتی کە پەیوەنی نێوان گۆڕاوەکان بزانێت لە کات و نێوکۆیەکی دیاریکراودا. بەشێوەیەگی گشتی توێژەر هەوڵدەدات لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی سەربەخۆوە، گۆڕانکاری بەشێوەیەکی بابەتیانە لە گۆڕاوی پاشکۆدا دروستبکات. لە لایەکی دیکەوە، لە توێژینەوە نائەزموونگەرییەکاندا، بە تایبەتی لە توێژینەوە هاوپەیوەندیدا[10]، توێژەر دەستکاری گۆڕاوە سەربەخۆکە ناکات. بە شێوەیەکی سەرەکی توێژەر هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی دەدات لە نێوان گۆڕاوەکاندا.(Bryman, 2008 ).

پرسی گشتاندنی دەرئەنجامەکان لە توێژینەوە نا ئەزموونگەرییەکاندا مومکینترە وەک لە توێژینەوە ئەزموونگەرییەکاندا، چونکە ئەگەری بوونی لێکدانەوە و کاریگەری گۆڕاوی تری زیاترە. توێژەرانی پۆزەتیڤیستی شێوازی جیاواز بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکاردەهێنن، وەک تاقیکردنەوە " لە ئەزموونگەریدا"، چاوپێکەوتنی ڕێکخراو و پرسیارنامەی داخراو. هەڵبژاردنی میتۆدەکە پەیوەستە بە توێژەرانەوە کە بەپێی پارادایمە تایبەتەکانیان و دیدگای تیۆری و دیزاینی توێژینەوەکانیان بڕیار بدەن. بەزۆری داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری شی دەکەنەوە. ( Creswell, 2003)

لە پەیوەندیدا بە ئاستی پێوانەکردن و دروستی توێژینەوە چەندێتیەکانەوە، تویژەران پێویستە ئاگاداری ڕاساندن و ڕاستگۆیی[11] بن لە پەیوەند بە کاریگەری دۆخی لێتوێژراو و نموونەی توێژینەوەکە بە وەرگرتنی زانیاری دروست و ڕاست. بۆ توێژەرێکی پۆزەتیڤیست، هەڵبژاردنی نمونە گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە. هەموو توێژینەوە چەندێتیەکان ئامانجیان هەڵبژاردنی نموونەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە گشتگیر بکرێتەوە بۆ کۆمەڵگای توێژینەوەکە. لێرەوە، کواڵیتی توێژینەوەی چەندێتی تەنها پەیوەست نیە بە بەکارهێنانی گونجاوترین میتۆدۆلۆژیا و

9 Empirical Experimentalism
10 Correlation
11 Reliability and Validity

ئامرازەکانی کۆکردنەوی داتا، بەڵکو بەندە بە گونجاوی ستراتیژی بەنموونەکردن کە لەلایەن توێژەرانەوە وەردەگیریت. (Creswell. 2003)

پۆزەتیڤیستەکان بە شێوەیەکی گشتی نمونەی هەڕەمەکی یان ئەگەری بە کاردەهێنن. نموونەی هەڕەمەکی سروشتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێناسە دەکات و ئەگەری هەڵبژاردنی یەکسان دەدات بە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگاکە کە هەڵگری هەمان سیفات بن. جۆرەکانی تری نموونەکردنی ئەگەری بریتین لە هەڕەمەکی ڕێکخراو، هەڕەمەکی چینایەتی، هەڕەمەکی ڕووپێوی و هەڕەمەکی هێشوویی، کە بەپێی ئاڵۆزی و سروشتی سیفاتەکانی نموونە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن.

٢،٧: پارادایمی شیکارگەرایی[١٢]:

پارادایمی شیکارگەرایی بە پارادایمی توێژینەوەی مرۆڤدۆستی، بونیادگەرایی، سروشتگەرایی، دژە پۆزیتیڤیستی و پارادایمی جێگرەوە ناسراوە. هەندێک جار توێژەران بە ڕێبازی چۆنیەتی بۆ توێژینەوە لە زانستەمرۆڤایەتیەکاندا ناوزەندی دەکەن. هەرچەندە، ئەم بەکارهێنانە تەواو باو و ئاساییە، بەڵام لە ڕاستیدا ناونانێکی هەڵەیە، توێژینەوەی چۆنیەتی، لە ڕاستیدا، ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک میتۆد، نەک میتۆدۆلۆژیا یان پارادایمێکی توێژینەوە.

توێژینەوەکان لە پارادایمی شیکارگەرایدا بەدوای تێگەیشتن لە بەها و بیروباوەڕ و ماناکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێن، و تێگەیشتنێکی هاوسۆزی کە یەکەمجار ماکس ڤێبەر باسی لێوەدەکات لە چالاکی و ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ دەردێنێت. مەبەست لێی خۆخستنە جێگای بکەری کۆمەڵایەتیە لە لایەن توێژەوە بۆ تێگەشتن لە دیدگای لێتوێژراو. وەک دەڵێت" پێ خستنە ناو پێڵاوی ئەوی ترەوە". شیکارگەراکان بڕوایان بە جیانەبوونەوەی تێگەشتنە لە شیکردنەوە یان لێکدانەوە. پێیان وایە، کە هەموو توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان کردەی لێکدانەوە، چونکە هەموو ئەو جۆرە توێژینەوانە بە خواستی توێژەر بۆ تێگەیشتن (و لێکدانەوە) لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا ڕێنمایی دەکرێن.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی تەنها دەتوانن لە هەندێک ڕوانگەیەوە دا تا کۆبکەنەوە، بە ئەنجامدانی 'تێبینی' لە ڕێگەی چاوێلکەی توێژەرەوە کە لە سەربنەمای زمان، کولتوور، زانیاری لەسەر بنەمای دیسیپلین، ئەزموونەکانی ڕابردوو (پیشەیی و ئاسایی) و ئەزموونەکانی دوایی توێژەرەکە شێوە و ڕەنگیان بۆ دانراوە، لەبەرئەوە هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆشایی دەبێت لە نێوان ئەو زانیاریانەی کە کۆدەکرێنەوە و ئەو واقیعەی کە بڕیارە نوێنەرایەتی بکەن . (Blaikie, 2000: p 120)

پارادایمی شیکارگەرایی، هاوتەریب لەگەڵ هەستی نیچە، وا گریمانە دەکات کە هیچ ڕاستییەک بوونی نییە، تەنیا لێکدانەوەکان هەن. لەبەرئەوە، ئامانجی توێژینەوەکان بریتین لە کەشفکردنی تێڕوانینەکانی تاکەکان، هاوبەشپێکردنی ماناکانیان و گەشەپێدانی تێڕوانینەکان سەبارەت بە کەیسی تێبینیکراو. (Bryman, 2008)

---

12 Interpretivism

گەشـــەی پارادایمی شـــیکارگەرایی لە فەلســـەفەی دیاردەناســـیی[13] ئێدمۆند هوســـەرڵ[14] و لێکۆڵینەوەکانی ویلهێلم دیلتەی[15] و هەندێک لە فەیلەسوفی ئەڵمانی لە تێگەیشتنی لێکدانەوەیی کە پێی دەوترێت هێرمنیۆتیکا[16], کردووە.

چەمکی هێرمنیۆتیکا لە کرداری (Hermeneuien) ی گریکییەوە هاتووە، بەمانای تەفســـیر دەکات. هەروەها ناوی (Hermeneia) بەمانای تەفسیر دێت. بۆخۆی چەمکی hermeneutike بە سێ مانای جیاواز دێت:

یەکەم: دەربڕین کە ئەویش گوفتار و وەرگێڕانە.

دووەم: ڕاڤەکاری، ئەمیش شیکاری و ڕۆشنکردنەوەیە.

سێیەم: وەرگێڕان، ئەویش بریتیە لە گواستنەوە لە شوێن دانانی دەربڕینەکان. (فرج، ٢٠٢٢)

توێژەرانی شیکارگەرایی یان تەفسیری وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا،، بە پێچەوانەی پۆزیتیڤیستەکان، بەگشتی بە تیۆرێک دەســت پێناکەن بەڵکو 'تیۆرێک یان نەخشـێکی مانادار دروســت دەکەن یان بە شـێوەیەکی لێخوێندنەوە[17] گەشەی پێدەدەن' بە درێژایی پرۆسەی توێژینەوەکە .(Creswell, 2003: 9)

لەم جۆرە توێژینەوەیەدا، توێژەر تەفسیرێکی قوڵ و ڕوون لەبارەی دیاردەکەوە کەڵەکە دەکات، کە بە زۆری لەبارەی مرۆڤ پەیوەنـدییە نـاوەکییەکـانی و نێوکەکەی لەگەڵ دیـاردەکەدایە، کە وادەکـات خوێنەر تێگەشـــتنێکی قوڵی بۆ دروست بێت سەبارەت بە دیاردەکە لە ڕێگای هاوسۆزی و دیاریکردنەوە. لەم پێیە، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکان لە پارادایمی شیکارگەراییدا بریتیە لە *تیشکخستنە* سەر گشت لە ڕێگای بەشەوە. (Ernest, 1994: 26)

توێژەری شـــیکارگەرایی، جگە لە توانایییەکانی وەک مەراقی زانســـتی، ڕەســـەن، هەبوونی تێگەشـــتنی گشـــتی، بیکردنەوەی ڕەخنەیی و هەستی خۆکۆنترۆڵکردن و بەرپرسیارێتی هەبێت، پێویستە لەسەروو ئەمانەوە هاوسۆزی و بەسروشتی ڕەنگدانەوەی قوڵی هەبێت. چونکە ڕاستییەکان بەبێ لێکدانەوە هیچ مانایەکیان نییە.

لەگەڵ هەموو ئە مانەدا، شـــیکارگەرایی ڕەخنەی زۆری لێدەگیرێت بەوەی زۆر بۆچوون گەرا یانەیە[18]، ڕەخنە لە سـروشـتە لایەنگرییەکەی لێکۆڵینەوە و دەرئەنجامەکانی دەگرن، کە کاریگەری لەسـەر دەرئەنجامەکان دروسـت دەکات بە تایبەت لە پرۆسەی گواستنەوەی بۆ نێوکۆیەکی تر. (Dornyei, 2007)

سەرەڕای ئەم ڕەخنانە بەڵام ئامانج لە بابەتیبوون توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا واقیعی نیە، لەبەرئەوە بۆ توێژەرانی بواری زانســتە کۆمەڵایەتییەکان، شـیکارگەرایی پارادایمێکی گونجاوترە بەهۆی ئەو بوارە گەورەیەی کە پێشـکەشـی دەکات بۆ قووڵی لێکۆڵینەوە، گونجاوی شـیکردنەوە، بەبەرهەمی تیشــکخســتنە ســەر بابەکان و بەشــداریکردنی لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریدا.

13 Phenomenology
14 Edmund Husserl
15 Wilhelm Dilthey
16 Hermeneutics
17 Inductively
18 Impressionistic



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

١,٢,٧: بوونناسی:

شیکارگەرایی ئۆنتۆلۆژیای ڕێژەگەرایی لەخۆدەگرێت. توێژەرانی شیکارگەرایی پێیان وایە کە شتەکان لە بوونیاندا پەیوەستن بە وێناکردنی مرۆڤەکان و بینەرەکانی. (Cohen et al., 2007)

ڕاســتی، لە لایەن تاکەکانەوە بونیاد دەنرێت و شــیکاری دەکرێت، لەســەر بنەمای پێگەی ئایدۆلۆژی و کلتورییان. دیاردەیەک بە تەنها دەکرێت چەندین لێکدانەوە و مانای هەبێت. توێژەرانی ئەم پارادایمە پێیان وایە کە ڕاستی ئالۆزە، سروشتی تایبەتی و نێوخۆیی هەیە وە فرە توێژە. لەبەرئەوە، خۆیان وەک بەشێک لەو ئامرازانەی توێژینەوە دادەنێن کە وێنای لێکۆڵینەوەی گفتوگۆکراو دەکات.(Grix, 2010) (

٢,٢,٧: مەعریفەناسی:

ئیپیستمۆلۆژیای پارادایمی شیکارگەرایی بریتیە لە خودێتی[19] " زەینیەت یان نابابەتی" . توێژەرانی شیکارگەرایی پێیان وایە کە مەعریفە کەسی و ناوازەیە و تاقانەیە ؛ هانی توێژەران دەدات کە بەشدارییکەن لەگەڵ لیێتوێژراواندا لە هەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی پەیوەنـدیـدار بە بـابەتی توێژینەوەکەوە. هەروەهـا کـاریگەرییـان لەســەر دیـاردە تێبینیکراوەکان دەبێت و دەتوانن جیاوازی دروست بکەن. ڕۆڵی توێژەران تەنیا سنووردار نییە بە نیشاندانی ئەوەی کە تاکەکان یان گروپە کۆمەڵایەتییەکان چۆن جیهانی دەوروبەریان لێکدەدەنەوە، بەڵکو چۆن لێکدانەوەی توێژەرانیش لە ڕووی چەمک و تیۆری و ڕێنماییە تێۆرییەکانەوە زیاتر لێکدەدرێتەوە. (Bryman, 2008 )

بە پێچەوانەی ڕاســتی تاقانەی پۆزیتیڤیزمی، باوەڕبوون بە فرە ڕاســتی بوونیادنراو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، توێژەران دەباتە ســەر ئەو تێڕوانینەی کە ڕەتی ئەو ڕایە بدەنەوە کە پێیوایە مرۆڤەکان دەبن وەک ئۆبژە " شــت" لە زانســتە ســروشــتییەکان لێکۆڵینەوەیان لەســەر بکرێت؛ لەبەر ئەوە لەگەڵ بابەتەکاندا تێکەڵ دەبن و هەوڵدەدەن کە دیاردەکان لە چوارچێوەی خۆیاندا تێدەگەن.

٣,٢,٧: میتۆدناسی:

میتۆدناســی شــیکارگەرایی بریتیە لە هێرمینۆتیک و دیالیکتی، ئامانج لە لێکۆڵینەوەی شــیکارگەرایی ئەوەیە کە بە ووردیەوە ووردەکارییەکان، ئاڵۆزییەکان، و مانای واقعی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان. توێژەرانی شــیکارگەرایی هاوڕانین لەســەر ئەوەی کە میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتی بە تەنها و بە شــێوەیەکی پەســەند لە تێگەیشــتن لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکـان بەکـاربهێنرێـت. هەر بۆیە، ئەوان بـانگەشــەی ئەوە دەکەن کە میتۆدۆلۆژیـای توێژینەوەی شیکارگەراییەکان بە ڕێبازە جۆراوجۆر و هەمەچەشنەکانیانەوە بۆ ئەم مەبەستە گونجاوترن.

ئەم میتۆدۆلۆژیانە مەودایەکی فراوانی ژیانمان لەخۆدەگرن، و پێکدێن لە دیاردەناســی[20]، تیۆری زەمینەســازی[21]، ئێتنۆگرافی، توێژینەوەی کەیس[22]، کارلێکی هێمایی، توێژینەوەی گێڕانەوەیی، توێژینەوەی مێژوویی و بەڵگەنامەیی،

19 Subjectivism
20 Phenomenology
21 Grounded Theory
22 Case study

و میتۆدۆلۆژیای نەژادی. ئەم میتۆدانە تاكیدی ئەوە دەكەنەوە كە دیاردەكان دەبێت لە چاوی لێتوێژراوەكانەوە لێی تێبگەین نەک توێژەرەکان، لە نێوکۆی خۆیدا شیکاری بکرێت. (Cohen et al., 2007, p. 21)

سـەبارەت بە ئامرازەكانی كۆكردنەوەی داتا، ئەم پارادایمە داتای چۆنیەتی لە ڕیگای تێبینیکردن و چاوپێکەوتن و پرسیارنامەی کراوە و شیکارکردنی دۆکیومێنت. وە بۆ شیکارکردنی داتا تەنها پشت بە شیکاری ئاماری نابەستێت، بەڵکو ڕێبازی شیکردنەوەی گشتگیر و لێخوێندنەوە[23] بەكاردەهێنێت (Creswell, 2003)

لە پارادایمی شـیکارگەراییدا، تەنانەت ڕەنگە داتای چەندێتی بە شـێوەیەک بەکاربهێنرێن، کە پشـتگیری یان داتا چۆنـایەتییەکـان فراوان بکـات و بە شـێوەیەکی کـاریگەر وەسـفەکە قووڵتر بکـاتەوە، یـان بە پێچەوانەوە. بە لەبەر چاوگرتنی پ ێداویسـتییە تایبەتمە ندییە کانی توێژینەوە، دەتوانر ێت میتۆدۆلۆژ یای سـێگۆشـەبە ندی[24] بۆ بەرزکردنەوەی دروسـتی و ڕاسـا ندنی توێژینەوەیەک بە کاربهێنرێت. بۆ نموونە لە توێژینەوەی چۆنیەتیدا، توێژەر دەتوانێت تێبینیکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ پرسیارنامە و هتد تێکەڵ بکات (Bryman, 2008)

سەبارەت بە نموونە لە پارادایمی شیکارگەراییدا، بەشێوەیەکی گشتی جۆرەکانی نموونەی مەبەستدار، بەڕێکەوت، کۆتا و تۆپەڵەبەفر و هەڵبژاردنی خۆبەخشانە بەکاردەهێنرێت.

٣,٧:: پارادایمی ڕەخنەیی[25]:

توێژینەوەی ڕەخنەیی لە پارادایمی شـیکارگەرایی دەچێت بەڵام تەنها پەیوەسـت نیە بە تێگەشـتنەوە، بەڵكو پەیوەندی بە ڕەخنەی كۆمەڵایەتی و گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی، تەنانەت دادپەروەری كۆمەڵایەتی لەگەڵ بەشـداریكردن و ڕاسـاندنی بەشـداربووان. بە مانەیەکی تر،ئامانجی توێژینەوەی ڕەخنەیی ڕزگاركردنی مرۆڤەكانە لە ڕێگەی گۆڕینی چوارچێوەی كۆمەڵایەتی، سـیاسـی و كولتووری خۆیـانەوە. پـارادایمی ڕەخنەیی لە توێژینەوە كۆمەڵایەتیە كا ندا، هێشـتا لە قۆ ناغی سـەرە تاییدایە و وەک تازە هاتوو دادەنر ێت بە بەراورد لەگەڵ پارادایمە دامەزراوەكانی وەک پۆزەتیڤیستی و شیکارگەرایی.

لە گرنگترین سـیفاتە جیاكەرەوە كانی توێژەرانی ئەم پارادایمەدا ئەوەیە كە ئارەزووی گۆڕانكارییەک دەكەن كە دامەزراوە كۆمەڵایەتییە كان و بوونیادە كانی هێز بهەژێنێت، و بەو هۆیەوە ببێتە هۆی یەكسـانی و دادپەروەری لە كۆمەڵگادا. (Crotty, 2003)

یورگن هابرماس[26]، ناسێنەری سەرەکی ئەم تیۆرییە، لە قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا كاریدەكرد بۆ پەرەپێدانی ڕێبازێكی لێكۆڵینەوە و كرداری لە زانستە كۆمەڵایەتییەكان، كە بتوانێت وە سفی ئەو هێزە مێژووییانە بكات كە ئازادی مرۆڤ سنووردار دەكەن و پاساوی ئایدیۆلۆژی ئەو هێزانە دەستەبەردەكەن.

---

23 Inductive
24 Triangulation
25 Critical Paradigm
26 Jurgen Habermas

هـابەرمـاس پێی وایە، کە توێژەرانی ئەم پـارادایمە بەرەنگـاری سـیسـتەم و نەزمی کۆمەڵایەتی و پراکتیزە کولتوورییەکانی باو دەبنەوە لە بەرژەوەندی خەڵکی بێبەشـکراودا، و زۆرجار هەڵوێسـتێکی چالاکانە دەگرنەبەر و بە کردار وەک ئامانجی توێژینەوەکانیان یان بە شێوەی دەستێوەردان یان ڕووبەڕووبوونەوە. لە پراکتیکدا ڕۆڵی توێژەران ئەوەیە کە ڕۆشـنبیری گۆڕانکاریخواز بن کە مرۆڤەکان لە دۆخی مێژوویی، دەروونی، سـۆزداری و کۆمەڵایەتی خۆیان ڕزگار بکەن (Crotty, 2003).

هابەرمارس سـەرکەوتوو بوو لە پەرەپێدانی تێگەشـتنێکی گشـتگیر لە تیۆری کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە. بە گوتەی ئەو، توێژەرێکی ڕەخنەگر برپارە واقیع و نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی تاکەکان لە پراکتیزە بێدەسەڵاتکراوەکان لە ڕێگەی دەستێوەردان و گۆڕانکاری سیاسییەوە ڕزگار بکات. بۆخۆی سێ جۆر لە بابەتی سەرەکی دیاری دەکات کە زانسـتی کۆمەڵایەتی ڕەخنەیی گرنگی پێدەدات: بابەتێکی تەکنیکی کە پەیوەندی بە پێشـبینی و کۆنترۆڵکردنەوە هەیە، بابەتێکی پراکتیکی کە پەیوەندی بە تێگەیشـتن و لێکدانەوەی مانا جێگیرەکانەوە هەیە، و بابەتێکی ئازادیخوازانە کە ئامانج لێی گۆڕانکاریە لە کۆمەڵگادا بۆ باشـتر، لەگەڵ دابینکردنی گەشـەکردن و زانیاری ڕەخنەگرانە بۆ ئاشکراکردنی بارودۆخی هەیمەنەی دەستەڵات و ناچارکردن. (Ernest, 1994)

وەک پارادایمەکانی تری توێژینەوە، پارادایمی ڕەخنەیی هەندێک کەموکوڕیی هەیە. سـە بارەت بە پۆلێنکردنی مەعریفە لای هابەرماس بۆ سـێ جۆر ڕەخنەی زۆری لێ گیراوە بەوەی کە زۆر سـادەیە. سـنووردارکردنی بابەتەکانی توێژینەوە و تێگەشـتن لە ژیان بۆ سـێ جۆر زۆر ڕووکەش و ڕواڵەتی دەردەکەوێت، و پێچەوانەی تایبەتمەندی مرۆڤ و جۆراوجۆری ژیانی مرۆڤەوە. (Cohen et al., 2007)

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە جێگای گومانە بریتیە لە خواسـتی تیۆریسـتە ڕەخنەگرەکان بۆ گۆڕانکاری سـیاسـی، کە ڕەنگە ئەجێندای شـاراوەیان هەبێت کە هانیان بدات بۆ پاڵنانی خەڵک بۆ گۆڕانکاری. بەپێچەوانەوە سـەرچاوەی دامەزراوەیی شـاراوەی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕان، وەک مامۆسـتا و خوێندکار و بونیادی دامەزراوەیی و هتد. لەوانەیە ڕێگری بکات لە گەیشتن بە ئەنجامە خوازراوەکان، لە زۆربارردا لەوانەیە ببێتەهۆی بەفیڕۆدانی کات و سەرچاوە.

سـەرەڕای ئەم ڕەخنە دیارانە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت ئینکاری هێزی بێئەندازەی ئەم پارادایمە بکات بەهۆی توانایی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی گۆڕانی ئەو دیاردانەی کە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت. (Ernest, 1994)

١,٣,٧: بوونناسی:

ئۆنتۆلۆژیـای پـارادایمی ڕەخنەیی، بریتیە لە ڕیـالیزمی مێژوویی. پـارادایمی ڕەخنەیی واقیع بە بەرجەسـتە و پێکهاتوو لە پێکهاتە مێژووییەکان دەزانێت. توێژەرانی تیۆری ڕەخنەیی کۆمەڵگا وەک پراکتیکێکی کولتووری سـەیری دەکەن کە پێویسـتی بە لێکۆڵینەوە هەیە لە ڕووی بەرژەوەندیەکان، بونیادی هێز و کاریگەرییە سیاسـیەکانەوە. ئەوان پرسەکانی پێشبینیکردن، پێوانەکردن، هەیمەنە و کۆنترۆڵکردن لە ڕوانگەی کەسانی پەراوێزخراوەوە لێکدەدەنەوە.

٢،٣،٧: مەعریفەناسی:

هەڵوێستی مەعریفەناسی پارادایمی ڕەخنەیی خوودییە " زەین باوەڕی"[٢٧]. ئەم پارادایمە بانگەشەی ئەوە دەکات کە مەعریفە لە نێوکۆی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراوە کە بەهاکان تێیدا بونیادنراون و هاندەدرێن و تێگەیشتنی مرۆڤ بارگاویکراوە بە بەها و لەسەر بنەمای پێشوەختە مەعریفە بونیادنراوە. هەر لەبەرئەوە توێژەرانی ئەم پارادایمە وا گریمانە دەکەن کە کردەوەکانمان ڕێبەری دەکرێن لە لایەن ئەو مانایانەی کە لە هەڵمانگرتوون. (Ernest, 1994).ئەوان پێشنیاری ڕەنگدانەوەی[٢٨] (یان پرسیارکردنی بەردەوام) دەکەن وەک چارەسەرێک بۆ دەلیمای گومان. لە پراکتیکدا توێژەران و بەشداربووانی توێژینەوەی ڕەخنەیی یان بابەتەکانی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی چالاک سەرقاڵن و پەیوەندییەکی نزیکیان بە پرۆسەی لێکۆڵینەوەوە هەیە، کە بە ناچاری بە شێوەیەکی حەتمی کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوەکە هەیە (Creswell, 2003).

٣،٣،٧: میتۆدناسی:

توێژینەوەی ڕەخنەیی لە سروشتدا دیالکتیکییە، و دوو میتۆدۆلۆژی بەکاردەهێنێت: ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی و توێژینەوەی کردار[٢٩]. یەکەمیان لەلایەن گروپە بەهێزەکانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ پەرەپێدان و شەرعیەتدان بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان لەسەر حیسابی پەراوێزخستنی ئەوانی تر. دووەمیان ئامرازێکی بەهێزە کە دەتوانرێت بۆ گۆڕانکاری و جێگۆڕکێکردن لە نێوکۆ جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت. لە پەروەردەدا، ئامانجیەتی زانیاری کۆبکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی ڕوون سەبارەت بە پراکتیکەکانی پەروەردەیی بەگشتی و باشترکردنی دەستکەوتی خوێندکاران لەڕێگەی پەرەپێدانی پراکتیکی ڕەنگدانەوەیی و گۆڕانکاری ئەرێنی کاریگەر لە ژینگەی قوتابخانەدا . جگە لەوەش، جەخت لەسەر دامەزراندنی پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان بەشداربووان، دامەزراوەکان و توێژەر دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی هەر بەشێکی توێژینەوەیەک. (Bryman, 2008).

توێژەرانی ئەم پارادایمە، ڕەنگە میتۆدی چۆنیەتی، چەندێتی یان تێکەڵاو بەکاربهێنن، بەڵام زیاتر مەیلیان بۆ دیزاینی توێژینەوەی چۆنیەتی هەیە. شێوازە باوەکانی کۆکردنەوەی داتا لەم پارادایمەدا بەکاردەهێنرێن بریتین لە چاوپێکەوتنی کراوە، گروپی تەرکیز، تێبینیکردن، پرسیارنامەی کراوە و گۆڤارەکان. لە پەیوەندیدا بە شێوازەکانی نموونەکردنەوە بەزۆری نمونەی مەبەستدار بۆ لێکۆڵینەوەکانیان بەکاردەهێنن.

٨. ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە سێ پارادایمی سەرەکی توێژینەوە خراوەتەڕوو. لە ڕاستیدا تێگەیشتنێکی گشتگیر لەم پارادایمانە خاڵێکی سەرەکی هەر هەوڵێکی توێژینەوەیە. بە وەرگرتنی هەر پارادایمێک توێژەر پێگەی خۆی بەرامبەر دیاردەیەکی توێژینەوەدا دەچەسپێنێت. زۆرێک لە توێژەران بەبێ گوێدانە گرنگییەکی

27 Subjectivist
28 Reflexivity
29 Action Research

ڕۆڵی پارادایمێکی دیاریکراو، ئەیانەوێت توێژینەوەکان دابڕێژن بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان سروشتی پارادایمی و چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە کانیان بچەسپێنن. هەر لەبەر ئەوەیە کە زۆر گرنگە توێژەران بە وردی پارادایمی توێژینەوە هەڵبژێرێن؛ ئەگەرنا هیچ بنەمایەکیان نابێت بۆ هەڵبژاردنی هەر دیزاین و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەیەکی گونجاو. خاڵێکی گرنگی دیکە بریتیە لە دروست هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوەکە. لەگەڵ زیادبوونی ئاڵۆزی دیزاینەکانی توێژینەوە، پێویستە زیاتر کراوە بین لە هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوە یان تێکەڵکردنی میتۆدەکاندا بۆئەوەی توێژینەوەیەکی متمانەپێکراوتر و دروستتر بەبەرهەمبێت.

لە هەر حاڵەتێکدا، بیروباوەڕە بووناسی و مەعریفەناسیەکان ڕێگری لە توێژەرانی توێژینەوەی چۆنیەتی ناکەن کە سوود لە شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەربگرن کە بە شێوەیەکی گشتی لە توێژینەوەی چەندێتیدا بەکاردەهێنرێن. گرنگە ئەوەیە کە بەکارهێنانی هەر شێوازێکی کۆکردنەوەی زانیاری لەلایەن توێژەرەوە، چۆنیەتی یان چەندێتی، نابێت وەک نیشاندەری پێگەیەکی بوونناسی و مەعریفەناسییان لێکبدرێتەوە. هەروەها پێویستە بەهاکانمان ڕێبەری پرۆسەی توێژینەوەکانمان بکەن. توێژەران دەبێت بڕوایان وابێت کە هەڵبژاردنی پارادایم لە هەڵبژاردنی میتۆدەکان گرنگترە لە توێژینەوەدا، پێگەی بوونناسی و مەعریفەناسی سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە لە بەرچاو بگرن پێشئەوەی بڕیار لە سەر دیزانینی توێژینەوەکە بدەن. ئاڕاستەکردنی پەیوەندی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی دەرئەنجامی دروست و باوەڕپێکراو بۆ توێژینەوەکان بەدەستدەخات.

توێژەران دەبێت پێگەی بووناسی و مەعریفەناسی خۆیان بە ووردی دیاری بکەن، و پەیوەندی گرنگی تیۆرییەکانی ڕاڤەکردن بەهەند وەربگرن، وەک هەنگاوی یەکەمی ئامادەکردنی توێژینەوە، لە پاشان بیر کە میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە بکرێت، ئەویش لەسەر بنەمای هەنگاوی یەکەم. هەڵبژاردنی میتۆد و ئامرازەکانی توێژینەوە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنی تیۆری و پێگە فەلسەفیەکانی توێژەرە، نەک بەپێچەوانەوە. کە لە ئێستا زۆرێک لە توێژەران هەڵبژاردنی میتۆد و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا بە هەنگاوی یەکەم و گرنگترین دەبینن. ئەمەش دەرئەنجامی کلتورێکە لە توێژینەوەکردن، کە تێڕوانینێکی ڕووکەشیە لە توێژینەوە، وەک تۆماس کۆهن دەڵێت، لە ژێر کاریگەری دۆخی کۆمەلایەتی و دەروونیدا و بە هێندەی بابەتیبوونی بابەتەکە، جڤاتی زانستی کاریگەرییان دەبێت لە ڕەنگڕێژکردنی ئاڕاستەی توێژینەوەکردن لە کایە زانستیەکاندا، و لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بە تایبەتی.

### سەرچاوەکان

سەرچاوەی كوردی:

1. فرج, ئارام. (2022). 'هێرمنیوتیكا و زانستە مرۆڤایەتیەكان دەروازەیەك بۆ هێرمنیوتیكای كلاسیك؛ گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارە ٩ (٢)، ل ١٧١-١٧٩ Doi 10.24271/jgu.2022.15370:

2. محمدپور، احمد (٢٠١٣)، و. سەعید كاكەیی، فەلسەفەی میتۆد لە زانستە مرۆڤایەتیەكاندا، خوێندنەوەیەک بۆ کێشە پارادایمیەکانی سەردەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر .

3. محمد،م.ح. و محمد، ع. (2017) "پۆزیتیڤیزم و کۆمەڵناسی لە هەرێمی کوردستانگۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ, 5(4), ل 959–972. doi: 10.26436/hjuoz.2017.5.4.385.

سەرچاوەی ئینگلیزی:

1. Blaikie, N. (2000). Designing Social Research. Cambridge, England: Polity Press.
2. Cohen L, (2007) Manion L, Morrison K. Research methods in education. London: Routledge.
3. Creswell JW. (2003) Research design: Qualitative, quantitative and mixed methods approach. London: Sage Publications.
4. Crotty M. (2003) The foundation of social research: Meaning and perspective in the research process. Thousand Oaks, CA: Sage,
5. Dornyei Z. (2007) Research methods in applied linguistics. Oxford University Press.
6. Ernest P. (1994) An introduction to research methodology and paradigms. RSU, School of Education, University of Exeter.
7. Grix J. (2010) The foundations of research. London: Palgrave Macmillan.
8. Hsieh & Shannon (2011) Three Approaches to Qualitative Content Analysis, SAGE, Vol.
9. 15 No. 9, November 2005 1277-1288.
10. Kuhn TS. (1962) The structure of scientific revolutions. Chicago, IL: University of Chicago Press.
11. Morgan, David L (2014) Pragmatism as a Paradigm for Social Research, Qualitative Inquiry. published online: http://qix.sagepub.com/content/early/2014/01/31/1077800413513733
12. Neuman, L.W. (2014) Social research methods: Qualitative and quantitative approaches.7th ed. Edinburgh, Pearson Education Limited SAGE Publications Limited.
13. Norman Blaikie and Jan Priest (2017) Social Research: Paradigms in Action, Wiley
14. Patton, M. Q. (2002). Qualitative research and evaluation methods (3rd ed.). Thousand Oaks, CA: Sage.